# وێنەی کاریکـــاتێری
# لە چەند شیعرێکی داشۆرینی
# ( شێخ ڕەزای تاڵەبــــانی ) دا

د. طاهر محەمەد عەلی/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

**پێشەکی:**

پێش چونە ناو وردەکاری بابەتەکەوە، بە پێویست دەزانرێت لە روی تیورییەوە دوو لایەن بخرێتە بەرچاو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوەکەوە هەیە. یەکەمیان پەیوەندی نێوان ( وێنەی شیعری ) و ( تابلۆ )یە و دوهەمیشیان پەیوەندی نێوان ( شیعری داشۆرین ) و ( وێنەی کاریکاتێری )، ئەم لایەنە ئەو بابەتەیە، کە لێکۆڵینەوەکە قورسایی شیکردنەوەکانی دەخاتە سەر.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لە وەدایە کە هەوڵدانێکە بۆ دیاری کردنی پێگەی ( وێنەی کاریکاتێری ) لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی ( وێنەی شیعری ) دا لە ناو شیعرە داشۆرینەکانی ئەدەبی کوردیدا و هەندێ شیعری شێخ ڕەزاش وەك بابەتی توێژینەوەکە .

هەر کاتێکیش بە پێویست زانرابێت سودمان لە مەوداکانی تری ( وێنەی شیعری ) وەرگرتووە ،لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی ( شیکاری ) پەیڕەو کراوە لە شیکردنەوەی دەقیلەکانی دەقە شۆراوەکانداو هەر لێرەشەوە وردەکاری ( وێنەی کاریکاتێری ) بیەکا نمان هەڵهێنجاوە .

لە کۆنەوە لێکۆڵەران باسی پەیوەندی نێوان ( وێنەی شیعری ) و ( تابلۆ )یان کردوە و هەر لە سەردەمی دروستبونی فەلسەفە و هونەرەوە لە سەر دەستی ( ئەفلاتون و ئەرەستۆ و ...........هتد ) دا. ئەمان هەر لەو سەردەمە زوانەی ئەدەبدا زۆر ڕاشکاوانە بابەتی وێنەیان ( جا چ وێنەی شیعری بێت لە شیعردا، کە بە وشە دێتە کایەوە یاخود وێنەی ئاسایی بێت، کە تەلیسمەکانی ڕەنگ و فڵچە دەیهێنێتە کایەوە ) کردۆتە پێوانەیەك بۆ جوانی و بەرزی هەریەك لەم دوو جۆرەی هونەر. ئەوەتا ( سیموندسی کیۆس ) دەڵێت: (( شیعر وێنەیەکی قسەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێ دەنگ ))[1]. ئەمە جگە لەو هەموو پەیوەندییە کرۆکی و ڕوخسارییانەی هەردوو جۆرەکەی هونەرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە وەك ( گواستنەوەی جیهانی واقع بۆ نێو دنیای هونەر و بە پێچەوانەشەوە ) و ( دروستکردنی کاریگەری پۆزەتیف یان نەگەتیف لە سەری ) و ( سەماکردنی وشە لە وێنەی شیعریدا و ڕەنگەکان لە تابلۆدا ). زۆرجار بیرمەندان بەرزی و نەمری زیاتر بە ( وێنەی شیعری ) دەبەخشن لەچاو ( تابلۆ ) دا، چونکە کەرەستەی بەرهەمهێنانی ( وێنەی شیعری ) وشە و هەموو کەرەستە جۆر بە جۆرەکانی زمانە هەر لە ئاوازی دەربڕین و جوڵەی وشە و ترپە بیستراوەکانی وشەکان

تا دەگاتە هەموو ئەو یاسا زمانیانەی مرۆڤ ڕۆژانە گوزارشتی بێ کۆتای پێ دەهێنێتە بەرهەم، ئەمە لە کاتێکدا (تابلۆ ) پەیوەستە بە شوێنەوە و تەنیا لە یەك باردا وێنەی شتەکان دەگرێت و وەسفەکانیشی وەسفێکی ماددین، واتە وێنە کێشراوەکە بەرجەستە دەکرێت ، لە کاتێکدا شاعیر وێنە شیعرییەکانی زیاتر وەسفی واتایی وێنە گێراوەکەیە و هەم شاعیر لە کاتی خوڵقاندنی بەرهەمەکەیدا و هەم خوێنەریش لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیردا بە پرنسیپی ( مەزندەکردن " هێنانە پێشچاو " ) وێنەکە دروست دەبێت و دەشگاتە خوێنەر .

## پێناسەیەکی چەمکی داشۆرین و وێنەی کاریکاتێری

کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ( شیعری داشۆرین ) و ( وێنەی کاریکاتێری )یە. پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین، کاتێك شیعرێکی داشۆرین دەخوێنینەوە یان سەیری وێنەیەکی کاریکاتێری دەکەین، ئەوا یەکەم شت دێتە بەچاومان ( شێوە/فۆڕمە )، چونکە لە کۆتاییدا هەردوکیان هەوڵدانە بۆ بەخشینی وێنەیەکی کۆمیدی بە وێنە هزرییەکان، واتە لەم دوو جۆرەی هونەردا فۆڕمی بنیاتنراو سەرەتای گەشتی خوێنەر یان بینەر بە دنیای ئەم دوو جۆرەی هونەردا دەست پێدەکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ( ناوەڕۆك ) لەم دوو جۆرەی هونەردا پشتگوێخرابێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە نوێی ناوەڕۆکە دەبێتە هۆی بنیاتنانی وێنەی نوێ، بەڵام هێندە هەیە، کە ( فۆڕم ) جێگەی سەرنجی خوێنەر یان بینەرە. ئەمەش ئەو پلانەیە ، کە ئەم دوو جۆرەی هونەری لە سەر بنیاتنراوە، چونکە فۆرمە پێکەنیناوییەکەیان وایان لێدەکات ناوەڕۆکە تاڵ و ڕەشەکەیان ( کە سەرجەمی ڕەخنەیە ) قبوڵبکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم دوو جۆرەی هونەر ئاکامی هەوڵدانەکانی شاعیر یان کاریکارتێستە بۆ خستنەڕوی ئەوەی بۆی ناوترێت یان بۆی ناکێشرێت لە چوارچێوەیەکی قبوڵکراودا،وەك ئارثە ر پولارد دەڵێ ( لەم دەورە بەدەست و بردەدا داشۆر ﴿ واتە : شاعیرەکە ﴾ دەبێ بە شێوەیەکی هونەری کارامانە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ، چونکە خوێنەر ناتوانێ بەتەنیا هەر بە ڕق و کینە دابین ببێ . ناشێ ( شاعیری ) داشۆرەر هەر پەنا بۆ دوژمنایەتی تاکە کەس بەرێ ، هەر چەندێکیش کە پێی وابێ لەسەر هەقە ..... دەبێ تا ئاستێکی باش بێ لایەن بێ بۆ ئەوەی متمانەی پێ بکرێ .... دەبێ خوێنەر هان بدا بۆ ڕەخنە گرتن و لە قاودان .. دەبێ پاڵیان پێوە بنێ بۆ جولاندنی هەست و نەستیان لەنێوان پێکەنین و گاڵتەوە ڕق لێبوونەوەو تووڕەیی و .... هتد )[٢] .

ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەر لە نوێ وێنەگرتنەوەی ژیانە لە دوو توێیەکی گاڵتەجاڕی کۆمیدیدا. لێرەشەوە ئەوە بە دەست دەخەین، کە ( شیعری داشۆرین ) و ( وێنەی کاریکاتێری ) دیوی دوهەمی هەوڵەکانی شاعیر یان کاریکارتێستە و لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم دوو جۆرەی هونەردا تێکەڵ بە کارە جدییەکانی خۆیانیان کردوە. لە بەرانبەریشدا و لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرێکی وەك ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی )مان هەیە، کە جوانترین شیعری کلاسیکی پێشکەشکردوین و لە هەمانکاتیشدا بناغەی شیعری داشۆرینی کوردی بۆ داڕشتوین.

ڕاستە شیعری داشۆرین مێژوویەکی کۆنی هەیە هەر لەسەردەمانی ئەدەبی یۆنانی و دواتریش لە شیعری ڕۆمدا گەشەی سەندووە بەهەمان شێوە لە ئەدەبی ڕۆژهەلأتیشدا بەتایبەتی ئەدەبی عەرەبی پێش ئیسلام و دواتریشدا ، هەروەها لە شیعری فارسی و گەلانی تریشدا .. بەلأم لە ئەدەبی کوردی ، شیعری کوردیدا ، لووتکەیەکی شیعری داشۆرینی وەك شێخ ڕەزا نییە و دیوانەکەی شێخ ڕەزا ، بەشە کوردیەکەی ﴿ ٦٦ غەزەل و ٤٣ چوارینی ، ٢٢١ تاکی تێدایە ﴾ [٣] ، کەم تا زۆر ئاور لە شیعری ئەم شاعیرە دراوەتەوە بۆنموونە : زانایانی وەك شێخ محمدی خاڵ شوکور مستەفا و دیوانەکەیان ساغ کردۆتەوەو لێکداوەتەوەو هەروەها نووسەرانی وەك عبدالرزاق بیمارو عبدالله عزیز خالد ، کە ئاماژە بەکارەکانیان لەسەرچاوەکاندا کراوە بە سوودن بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری شاعر ... بەلأم بەلای ئێمەوە بۆ خۆبواردن لەو زمانە زەق و بێ پەردەیەی شیعری شێخ ڕەزا ، تا ئێستە وەك پێویست لای لێ نەکراوەتەوە ، بە تایبەتی لەو ئاستە هونەری یە بەرزەی کە شیعری ئەمی گەیشتویەتێ ، ئەم ئاوڕدانەوەیەی ئێمەش لە لایەنی وێنەی شیعری ئەو ، هەوڵێکی بەتەوازعە لەو مەیدانەدا ، مەبەستمان لەشیعری ( داشۆرین ) و ( وێنەی کاریکاتێرییە .. ) .

ئەگەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم دوو جۆرەی هونەر بکۆڵینەوە، دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك هاوشێوەن، چونکە هەردوو جۆرەکە هەوڵدان بوە بۆ تێکشکاندنی پێوانە باوەکانی ئەدەبی و هونەری سەردەمی خۆیان، کە سەردەمی کلاسیکیەتی ئەوروپی ( بە نیسبەت کاریکاتێر )ەوە و کلاسکیەتی کوردی ( بە نیسبەت ئەدەبی کوردی )ەوە بوو. لەم دوو سەردەمەشدا ( هونەر ) بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوە لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای پتەو و تۆکمە، کە لە پێش هەموو شتێکدا لەگەڵ ( پێکەنین و گاڵتەجاڕی ) دا نەیار بوە. هەر لێرەشەوە هەردوو جۆرەکەی هونەر لە سەرەتادا بە هونەری ( ناقۆلا ) ناوەزەندکران تا وردە وردە توانییان پێویستی بونی خۆیان بۆ ئەدەب و هونەر بخەنەڕو و خۆیان بکەنە بەشێکی نەپساو لێیان. ئەوەی ئەم دوو جۆرەی هونەر بە یەکەوە دەبەستێت ڕەگەزی ( پێکەنین )ە، کە ئاوێتەیان کراوە نەك هەر ئەمە بگرە وەك ستراتیژییەکیش لە هەردوو جۆرەکەی هونەردا بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت ( واتە قبوڵکردن و گوێگرتن لە ڕەخنە توندەکانی ئەم دوو جۆرەی هونەر )، چونکە ڕەگەزی ( پێکەنین/گاڵتەجاڕی ) لەم دوو جۆرەی هونەردا تەنها بۆ پێکەنینی ڕوت نییە، بەڵکو پێکەنینە بە گێلییە لە بن نەهاتوەکانی مرۆڤ، پێکەنینێکە قەتماغەی برینە سەخت و لە بیرکراوەکانی مرۆڤ دەکولێنێتەوە و دەبێتە هێما بۆ وریابونەوە لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەمە جگە لەوەی هەردوو جۆرەکە بەشدارن لە بەرانبەرکردنی مرۆڤ بە ئاژەلان و سروشتی ژیان و خودی سروشت خۆی بە شێوازێك، کە هونەرەکانی ( درکە "کینایە" و ئاوەڵواتا " المجاز " ) ڕۆڵی باڵا دەگێڕن .بۆ نموونە شیعرە داشۆرینەکانی ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزلی )[٤] جوانترین نمونەی ئەم بوارەن. دورگەی یەکگرتنەوەی ئەم دوو جۆرەی هونەر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە یەکگرتنی ( فۆرم و ناوەڕۆك )ی هەردوو جۆرەکەدا دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا لە گرنگیدا ئەم دوو ڕەگەزەی ( شیعری داشۆرین ) و ( وێنەی کاریکاتێری ) هاوتان، چونکە بێ وێنە ڕەنگاوڕەنگە پێکەنیناوییەکانی ( فۆرم )، ( ناوەڕۆك )ی تیژڕەوی ڕەخنەدار قبوڵناکرێت و بێ ئەم ( ناوەڕۆك )ە پەیامدارەش ( فۆرم )ە خوڵقێنراوەکە بێ ئاکام دەبێت. هەربۆیە زۆرجار دەبینین لە پێناو ئامانج پێکانی ناوەڕۆکدا زیادەڕۆییەکی سەیر لە فۆڕمدا دەکرێت، کە خۆی

له وێنه سەیر و سەمەرەکاندا دەبینێتەوە،ئەگەر بمانەوێت لەم بنەما شیکارییەوە هەوڵبدەین وێنە کاریکاتێرییەکانی شیعرە داشۆرینەکانی شاعیری گەورەی کورد ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) بخەینەڕوو،ئەوا دەبێت ئەوە بزانین، کە شاعیر زۆر بە ئاشکرا و لێزانانە ( پێکەنین )ی بەکارهێناوە، کە ڕەگەزی بنەڕەتیش لە بەکارهێنانی وشە و زاراوە تابۆکانە بۆ دروستکردنی وێنەی سەیر و سەمەرە و پێکەنیناوی نەبیستراوی نوێ، نەك هەر ئەمە بگرە لە زۆربەی ئەمجۆرە شیعرانەیدا گەلێك وەسفی ورد و جوانی گشت ئەو وشە زاراوە تابۆیانەی کردوە، کە زیاتر ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤن ( چ نێر چ مێ ). دیارە ئەمەش تەنیا بۆ مەبەستی دڵخۆشکردن نەبوە ( ئەگەر بەشێکی مەبەستەکەشی بو بێت )، بەڵکوو هەوڵدانی شاعیر بوە بۆ قێزەونکردنی بابەتە داشۆراوەکە و لە هەمانکاتیشدا بە دەستهێنانی پشتگیری خوێنەر بوە لە بەرانبەر بابەتی داشۆراودا، بە واتایەکی تر بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوێنەر بوە لە سەر ئەم بابەتە نوێیە نەبیستراوە بە تایبەتی بە نیسبەت کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمەوە.

ئێستا دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە شیعرە داشۆرینەکانی ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی )، شیعری داشۆرینی کوردی بەم شێوەی خوارەوە بکەین[٥] :-

١. داشۆرینی سفت : لە مجۆرە داشۆرینەدا شاعیر مەبەستی بریندارکردنی بەرانبەر نییە، بە واتایەکی تر ئەو وێنانەی لەم جۆرە شیعرانەدا هەیە سەرجەمیان پێکەنیناوین، بەڵام پێکەنینە تەنها بۆ مەبەستی پێکەنین، نەك پێکەنین بۆ مەبەستی گریانی دەرونی. ئەگەرچی هەندێکجار لە شێوەی ئامۆژگاری گشتیدان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، وەك هەوڵەکانی شاعیر بۆ هەجوکردنی هەندێك دیاریدەی دزێوی دەرونی و کۆمەلایەتی مرۆڤ ( شەهوەت و دڵداری کوێرانە و درۆکردن و .....هتد ).
٢. داشۆرینی زبـــــر : ئەمجارەیان تەواو پێچەوانەی جۆری یەکەمیانە، چونکە مەبەست تیایدا تەنها پێکەنین نییە، بەڵکو وێنە گاڵتەجاڕییەکان، کە بنەمای پێکەنینەکەن لە خۆیاندا گاڵتەجاڕین بە گێلییەکانی مرۆڤ و نەگبەتییەکانی لە بووندا.

داشۆرین وەك ژانرێکی شیعری بە گشتی لە ئەدەبدا و لای شێخ ڕەزای تاڵەبانیش بە تایبەتی ، لەوەوە هاتووە کە ئایدیاڵێکی گەردوونی – نەتەوەیی بخولقێنێت ، ئەوەش وەك لەمەوبەریش باسکرا بەڕەخنەگرتن و پلارهاویشتن بۆ دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ و هەڵس و کەوتی ناشایستەی مرۆڤ ، تا چەندێکیش داشۆرین بتوانێ پێکەنین هاوەرو وردو کاریگەر بێ لەسەر گوێگرو خوێنەر ، زیاتر زیندوو و سەرکەوتوودەبێ .

بەرزترین بەهای داشۆرین لەوەدا خۆی دەنوێنێ ، کە تا چەند دەتوانێ ئایدیا بەرزەکانی مرۆڤایەتی وەك ( خێر ، ڕاستی ، جوانی ... هتد ) نیشان بدات ، ئەویش بە داشۆرینی گێلی و ناپاکی و نزمبوونەوەی مرۆڤ بۆ ئاست و ڕەوشتی ناجوامێرانە .. بەواتایەکی تر لە ڕێگەی (( دژە ئیدیاڵ )) ەوە ... ئایدیاڵی و گەیشتن بە بەها بەرزە مرۆڤایەتیەکان دەردەبردرێ .

هەروەك د. عباس بیومی عجلان دەڵێ ( شاعیری ئەم جۆرە شیعرەش پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی کۆمەلایەتی و کۆمەڵە سەرچاوەیەکی تر هەیە ، کە لە ڕێگەیانەوە خاڵە لاوازو نەریتیەکانی خەڵك دەزانێت و دەستنیشانیان دەکات .... )[٦]

## پراکتیزەکردن و نموونە هێنانەوەی چەمکەکان

ئێمەش بۆ پراکتیزەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند پارچە شیعرێکی ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) وەردەگرین و شییان دەکەینەوە:

شاعیر لە پارچە شیعرێکی داشۆراوی سفتدا، زۆر لێزانانە هەجوی دابڕان و لێکجیابونەوە دەکات و دەیخاتە قاڵبی تابلۆیەکی کاریکاتێری بەزم ئامێزەوە. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو لێکچواندن و وەسفە زیرەکانەوە بە ئەنجامی دەگەیەنێت، کە شاعیر دیاردە ناخۆشەکەی بە دیاردە کۆمیدییەکە بەراورد کردووە ، ئەوەتا دەڵێت:

واقەواقی دڵمە بە دەستی فیراقەوە<br>
وەك ڕێوی کە هەر دوو گونی بێ بە فاقەوە<br>
ئیمان لە تەوقی سەرمەوە وەك واشە دەرپەڕی<br>
سمتی کە دەرپەڕاند و نای بە تاقەوە<br>
موتریب لە عەشقی یاری عێراقی بە حەسرەتم<br>
بۆم هەستە وردە وردە لە پەردەی عێراقەوە[7] .

وێنە کاریکاتێرییەکەی شاعیر لەم پارچە شیعرەدا نەخشاندویەتی لە هێڵکاری ژمارە ( ١ ) دا دەردەکەوێت:




یەکگرتنی ئەم دەقیلە وینۆچکدارانە بۆ دروستکردنی دەقیلەیەکی گەورەتری وێنەدار

( هێڵکاری ژمارە " ١ " ).

شاعیر لە هەجوی ( حەمە وەستا فەتاح ) دا دەڵێت:

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەر و ڕیشە
کە گوێدرێژیَ بە تەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبێ کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆن هەڵی ئەگرێ من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە[٨] .

شاعیر لێرەدا وەستایانە تەنزی پەیامداری زبر دەخاتە نێو دێڕە شیعرییەکانیەوە و بە هەجوکراو دەڵێت تۆیەك، کە لە پشت سەر و ڕیشی داهێنراو خۆت حەشارداوە هیچ کەڵکێکی بۆت نابێت، ئەگەرچی ئەرك و ئەزیەتیشی هێندەی ئەرکی ئەو گوێدرێژە بێت، کە بە سەد باتمان خوری بارکراوە، بەڵام لە ئاکامدا ئەرکی گوێدرێژەکە چەندە بەسودە بۆ کەرەکە، سەر و ڕیشە درێژەکەی تۆش هەمان سودی دەبێت.
بە واتایەکی تر ئەگەرچی بتەوێت لە پشت ئەم ڕوخسارەوە خۆت حەشاردەی و کارە چە پەڵەکانت بکەیت، بەڵام خەڵکی فریو ناخۆن، هەربۆیەش شاعیر لە هەجوکەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

هەزار ئەفسون و جادوی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە
بە تەحریکەی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا
ڕەئیسی حیلەکاران شای قوماربازانە ئەم ڕیشە
بە زاهیر سافە وەك زیوی سپی ئەمما لە باتیندا
ڕەش و پیس و مولەوەس وەك بنی قازانە ئەم ڕیشە[٩] .

لێرەدا دەبینین، کە چۆن شاعیر ڕەخنە دەگرێت لە مەبەستی بەخێوکردنی سەر و ڕیش و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تایبەتی، کاتێکیش شاعیر باسی ( زاهیر ) و ( باتین )ی ئەم ڕیشە دەکات ئاشکرا بۆمان دەردەخات، کە سەر و ڕیشی ئەم جۆرە کەسانە وەك ڕەخساری دەسەڵاتە فیوداڵە بۆگەنەکانە، کە ڕوخساری جوان و ناوەڕۆك خوێناوییە. بۆیە دەکرێت وێنەی بەرهەمهاتوی کاریکاتۆری ئەم شیعرە لە هێڵکاری ژمارە ( ٢ ) دا بخرێتەڕو:




یەکگرتنی ئەم دەقیلە وینۆچکدارانە بۆ دروستکردنی دەقیلەیەکی گەورەتری وێنەدار
( هێڵکاری ژمارە " ٢ " ).

شاعیر لە دوای تەواو داشۆرینی هەجوکراو دێت و بە وشە لە چوارچێوەی وێنەیەکی کاریکاتێریدا دەینەخشنێت، کە ئەویش بریتییە لە سەری ( هەجوکراو )، کە گوێچکەکانی بڕدراون و بە مقەستیش سەر و ڕیشی هەڵپاچراوە بە وێنەی مەیمونە قوتە. شاعیر هەر بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکوو باسی خۆشی دەنگی چەپڵەی ئەو کەسانەش دەکات، کە دوی ئەم مەیمونە قوتە کەوتون بۆ بە عیبرەت کردنی. لە کۆتایی خوێندنەوەی قەسیدەکەدا خوێنەر وا هەست دەکات نەك هەر سەیری وێنەیەکی کاریکاتێری دەکات بگرە وا هەست دەکات تەماشای کورتە فلیمێکی کۆمیدی کردوە، ئەوەتا دەڵێت:

ئای چ خۆشە بە چەقۆ گوێی لە بنا خشت بیڕن
ڕیشی قوت کەن بە مقەس بیکەن بە مەیمونە قوتە
بە دەف و دائیرە و زەمزەمە دوی کەون
لێ بدەن چەپڵە بڵێن بێنەوە کوڕگەل، ئەمەتە"[10].

کورتەی ناوەڕۆکی ئەم وێنە کاریکاتێرییەش دەتوانین لە هێڵکامری ژمارە ( ٣ ) دا ببینین:




یەکگرتنی ئەم دەقیلە وینۆچکدارانە بۆ دروستکردنی دەقیلەیەکی گەورەتری وێنەدار
( هێڵکاری ژمارە "٣" ).

( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) لە پارچە شیعرێکی داشۆراوی زبردا، کە دەیەوێت هەجوی ( پاشا ) بکات، نایەت ڕاستەخۆ دایشۆرێت، بەڵکو لە ڕێگەی لێکچواندنەوە دەیچوێنێت بە ناقۆڵاترین گیاندار لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و دەیەوێت خاسیەتەکانی ئەمی بداتێ، بەڵام ئەمی گیاندار ڕازی نابێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی کاریکاتێری گاڵتەجاڕ دروست دەکات، کە خۆی لە حاشاکردنی ( سەگ ) دەبینێتەوە بە لەقاندنی کلکی بەوەی، کە نەك ئەم لە نەژادی ( حوسنی پاشا ) نییە، بەڵکو خۆشی دەکوژێت ئەگەر پێی بڵێن

( سەگ پاشا ) ئەمەش نزم کردنەوەی پاشایە بەشێوەیکی کاریکاتێری زیاد پێوەنراو، ئەوەتا دەڵێت:

لە سەگم پرسی عەجەبە قەومتە حوسنی پاشا

تورە بوو کلکی لەقان و وتی: (( حاشا حاشا

ڕاست ی گەرچی سەگیشم بە خودا خۆم دەکوژم

ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا ))[١١] .

وێنەی کاریکاتێری لە ناو ئەم شیعرەدا لە هێڵکاری ژماورە ( ٤ ) دا دەخەینەڕوو:




یەکگرتنی ئەم دەقیلە وینۆچکدارانە بۆ دروستکردنی دەقیلەیەکی گەورەتری وێنەدار

( هێڵکاری ژمارە " ٤ " ).

شاعیر کاتێك ئیسترێکی ڕوت و قوتی لە لایەن میرەوە بە دیاری بە دەست دەگات، هەر زوو تێدەگات مەبەست تووڕەکردنیەتی، بەڵام شاعیر زۆر لێزانانە تورەیی خۆی بەچەندین ڕەنگی جۆراوجۆر بۆ کێشانی وێنەیەکی تا لوتکە کاریکاتێری دەردەبڕێت و بە هۆیەوە هەرچی نابێت بە میر بوترێت ئەم دەیڵێت، بەڵام ڕەنگی وشەکانی هێندە تەلیسماوی و گاڵتەجارین، میر لە بەر پێکەنین ئاگای لە تەنزە پەیامدارەکانی شاعیر نامێنێت یان خۆی لێ گێلدەکات و دەیبورێت و شاعیریش بەمە هێندەی تر شاگەشکە دەبێت، کە توانیویەتی ئەو دیارییەی وەك تیر تێی گیرابوو بیکاتەوە بە نامەیەکی گاڵتە ئامێزی تەنزدار و ڕوو بە ڕووی میری بکاتەوە و تێی بگەیەنێت، کە دیارییەکەی هی کەسێکی دەست نوقاوە ، کە شتی چاکی بۆ خۆی دەوێت و خراپیش بۆ بەرانبەر، نەك هەر بۆ بەرانبەر بگرە خراپتریشی دەوێت بۆ ئەو کەس و گیاندارانەی ساڵانێکە خزمەتی دەکەن، دەنا ئیسترێکی وای نەدەنارد بە دیاری بۆ شێخی دۆستی و ، ئەوەتا دەڵێت:

میر بە سەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت

دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبوت

خاوەنی ئالیکی نالێم پێ نەداوە موتڵەقا

داویەتی ئەمما وەکو بیستومە قووتی – لا یموت

پوش لە لای حەڵوایە حەتتا گەر پەڵوشەی چنگ کەوێ

بای ئەدا، لوولی ئەدا، قوتی ئەدا، مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێت ببزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشان دەی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕێش و شانی زامدار و جەدەو بوو ناعیلاج
چەند قروشێکم هەبوو بۆم دا بە نەوت و ئەنزەڕووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوجەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن ئمجا بە ئاستەم گوێی بزووت
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجننە لێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشێ ڕەففاعی بە زەبری جەلجەلووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بە قووت
ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بە حاجی ئەحمەدە
لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت پێ بڵێم چارم نییە غەیری سکووت [١٢].

وێنە کاریکاتێرییەکانی ئەم قەسیدەیە لە هێڵکاری ژمارە ( ٥ ) دا دەخرێتە بەرچاو:




یەکگرتنی ئەم دەقیلە وینۆچکدارانە بۆ دروستکردنی دەقیلەیەکی گەورەتری وێنەدار
( هێڵکاری ژمارە " ٥ " ).

**ئه نجامەكان :**

١. وێنە كاریكاتێرییەكانی نێو شیعرە داشۆرینەكانی شاعیر داهێنەرانە بنەمای دامەزراندنی شیعری داشۆرین بوە لە ئەدەبی كوردیدا، چونكە بە بێ ئەم وێنە كاریكاتێرییانە كە ئەو بە شیعر بۆی كێشاوین ، ئاگاداری ئەو خوو نەریتانە نەدەبووین و . بەڵكو قبوڵیش نەدەكران .

٢. لە پاش دیاریكردنی شیعری داشۆرینی ( سفت و زبر ) بۆماندەركەوت، كە نمونەی شیعری داشۆراوی سفت زۆر كەمە لە دیوانی شاعیردا، لە كاتێكدا نمونەی شیعری داشۆراوی زبر گەلێك زۆرن، ئەگەر بڵێین سەرجەمی نەگرتۆتەوە، ئەوا نیوەی زیاتری گرتۆتەوە.

٣. شاعیر لە سەرجەمی ئەم شیعرانەیدا هەڕەمەكیانە خەڵكی دانەشتوە، بەڵكو بۆ چاكسازی كۆمەڵایەتی ئەم كارەی كردوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) شاعیرێكی داشۆری پەیامدار ( ملتزم ) بوە.

٤. تەكنیكی شاعیر لە داشۆرینی هەجوكراودا گەلێك بەرز بوە، بە ڕادەیەك زۆر زیرەكانە بابەتی ( وەسف و مەدح و بەراوركردنی ) بەكارهێناوە بۆ مەبەستی داشۆرین. بە واتا بابەتی باوی بەكارهێناوە بۆ قبوڵكردنی بابەتە تابۆكان. ئەمە جگە لەوەی لە داشۆرینەكانیدا هەمیشە ئاكامی خۆی پێكاوە. دیارە ئەمەش بە داهێنانی شاعیر لە شیعری داشۆرینی كوردیدا دادەنرێت ، هەر ئەم تەكنیكەشە بۆتە بنەمای وێنە كاریكاتێرییەكان.

٥. هەرچەندە هێنانی ناوی كەس و شوێن تایبە تمەندیی داستانە شیعرە تا شیعری لیریك بەڵام شێخ رەزا وەك كەرەسەیەك بۆ داڕشتنی هونەری بەكاری هێناون و بەمەش كۆمەڵێ ئاماژەو كلیلی ڕۆشنكردنەوەی بەرهەمەكەی داوینەتێ ، كە ڕەنگە بێ ئەمانە تێگەیشتن و چێژلێوەرگرتنیان قورستر بوایە ، بە دیوێكی تردا گەڵێ ناوی كەسایەتی و جوگرافی زانیار بەخشی نەتەوەكەمانی بۆ تۆماركردوین .

## پەراوێزەكان


١. سەردار ئەحمەد، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا، ل ١٠٩.

٢. ئارثر پۆلارد ، موسوعة المصطلح النقدي ، ترجمة الدكتور عبدالواحد لؤلؤة ، ل ١٠٠ .

٣. دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی ، ساغ كرنەوەو شەرحی شوكور مستەفا دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٠.

٤. شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا ، دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی ل ٥٧ و عبدالله عزیز ئاگرین ، دیوانی شوكری فەزلی ل٢٣ .

٥. عەبدولڕەزاق بیمار، هونەری هەجو لە هەڵبەستی كوردیدا، ل١٥-١٧.

٦. دكتور عباس بيومى عجلان الهجاء الجاهلى ( صوُرهُ أساليبه الفنية ) ل ١٤٣ .
٧. دياره مەبەست لە هەردوو زاراوەی ( سفت و زبر ) واتا فەرهەنگییەکەیان نییە، بەڵکو زیاتر مەبەست لە داشۆرینی بێ توانج و داشۆرینی توانجدارە. ئەگەرچی لە هەردوکیشیاندا پەیامی شاعیر هەر هەیە، بەڵام لە دوهەمیاندا زیاتر خۆی دەبینێتەوە، چونکە کاریگەری زیاتر دەبێت و خێراتر کاردانەوەی لە سەر خوێنەر دەبێت، هەر لێرەشەوەیە ( زبر )مان بەکارهێناوە، واتە ( زبر )ە، چونکە لە واتای شیعرەکەدا جگە لە پێکەنین واتای تایبەتیش هەڵدەگرێت.
٨. شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل ٩٤.
٩. هەمان سەرچاوە، ل ١١٧.
١٠. هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.
١١. هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.
١٢. هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

## سەرچاوەکان


ا/ کتێبە کوردییەکان :

١. تاڵەبانی ،دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ساغکردنەوەو شەرحی شوکور مستەفا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ساڵی ٢٠٠٠ .
٢. تالەبانی ، شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی،دەزگای چاپ و بلاًکردنەوەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٤ز.
٣. تالەبانی ، شێخ محەمەدی خاڵ، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە بلاًکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
٤. عەبدوڵلاً عەزیز خالد، شوکری فەزڵی ( شاعیرێکی سیاسی نەتەوەیی کوردە )، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٨ز..
٥. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٤ز.

ب/کتێبە عەرەبییەکان :

١. ئارثر ، موسوعة المصطلح النقدى ، ترجمة الدكتور عبدالواحد لؤلؤة ، بغداد ، دار الحرية للطباعة ، ١٩٧٩ .
٢. دكتور عباس بيومى عجلان ، الهجاء الجاهلى ( صوره اساليبه الفنية ) ، الناشر مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر والتوزيع الاسكندرية ، ١٩٨٥م .

ج/ ڕۆژنامە :

١. عەبدولڕەزاق بیمار، هەونەری هەجو لە هەڵبەستی کوردیدا، ( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژ.١٤١ ساڵی ١٩٨٨ز.

## ملخص البحث

يعالج هذا البحث ، جانب فني من جوانب شعر الهجاء في الادب الكردي ، وبالتحديد في شعر الشيخ رضا الطالباني الذى كان شاعراً هجاءً فذاً ، كتب شعره بثلاث لغات : الكردية ، الفارسية والتركية . وتخص دراستنا هذه نماذج قليلة من شعره الهجائي باللغة الكردية و بالأخص علاقة شعره بالصورة الكاريكاتيرية والتداخل العضوي - الفني بينهما ، والتي – حسب رأينا – لم يعالجها أحد في الأدب الكردي حتى الان ..



## Abstract

***This research studies the poetic images in Kurdish satiric poems. It is mainly about dual intermixed relations, which mirror themselves in the relation between poetic images and tableaus on one hand, and satiric images in poems and caricature pictures on the other hand. In fact the first relation, to so extent, is found in universal literature and Kurdish literature as well, yet the later relation is totally new in Kurdish literature and no research has been done on it. Therefore the focus of this study is more on the second relation in detail from theoretical and practical perspective with reference to some satirical poems of 'Shekh Razay Talabani'.***